# جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکان
## * عەلی باباچاهی *

شەمس لەنگروودی
لە فارسییەوە: سولەیمان سۆفی ساڵحی
(بۆکان)

بەشی یەکەمی کارەکانی عەلی باباچاهی (وەک بەشێک لە کارە سەرەتاییەکانی سیرووس موشفەقی، بەهمەن ساڵحی، عەلی قلیچ خانی، ڕەزا شەبیری، ...تاد) کەم بارەتر و بێ کەڵکتر لە کارە دەستپێکەکانی فرووغی فەڕووخزاد و شاملوو نەبوو، بەڵام ڕێگایەک کە ئەو دووانە (لەوانەیە بە هاریکاری کردنی فەرەیدوون ڕەهنما و ئیبراهیم گوڵستان) دیتوویانەتەوە، زیاتر بە تۆخ بوون و ڕەسەنایەتی شیعر دەگا، لە حاڵێکدا عەلی باباچاهی، لە پاژی دووەمی کارەکانیدا وەک "ئێستاش لە گەردەلوول" مەراقێکی سەرشێتی شاعیرانە لە ئارادایە، جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکانیش وەک لە "بێ پشتیوانی"دا کۆمەڵە شیعرێکی تایبەتی و وێنەیی و لیپاولیپ، بگرە سەرڕێژ لە هەستێکی دەروونی، عاشقی و جوانی ناسانەیە کە بە بنەڕەت ناگا.

شیعرێک و پاشان وتارێک لەسەر ئەو دەق و بابەتانەیە - کە بە وتەی شاعیر، لە وتارەکانی «خسرەو گوڵ سوورخی»ـە - دەیخوێنینەوە.

**ئەرێ، مەگری!**
**ئێستا ئەستێرەکان**
**بەسەر لەپی ئەم ڕەشگارەدا**
**بە لۆرە لۆر**
**بەردەوام دەڵێن**
**ئەوە کێیە ؟!**
**ئەو پیاوە**
**ئەو پەشێو دەفتەرە،**
**ئەو ئاوارەی بێ ئەمەگە**
**ئەو زاماری بەڕەهووتە کێیە ؟**
**ئەی نۆکەرەکانم!**



عەلی باباچاهی

**ئەی ئاپۆرەی شەیتانەکان!**
**ئەسپێ کە لە بەرەهووتی شەودا دەحیلێنێ، کوا ؟**
**دەمەوێ ئەو حەقایەتە بۆ ئاواڵ باس کەم**
**دەمەوێ ئەو بێدەنگییە ئەفسانەییە**
**لە پشت هەزاران شاخی ڕەش خاپوور بکەم...**
**دەمەوێ برینی ئەو شمشێرە غەدراوییەی دوژمنت**
**بۆ باس کەم هاوڕێ،**
**دەمەوێ**
**بەڵام...**
**ئەسپێ کە لە بەرەهووتی شەودا دەحیلێنێ، کوا ؟**
**لەیلای من!**
**لەیلای یاوەری باشووریم!**
**کاتێ دڵگیر بووی**
**کاتێ بە دیتنم زامەکانت گەشایەوە**
**مەگری**
**لە پشت وێرانەکانی هزر دانیشە**
**زوڵفت بدە بە دەم بای کۆچەرانەوە**
**وێنای خوشکە خۆشەویستەکانت**
**ئەستێرەی زێڕین بپرسە:**
**کێیە ؟**
**ئەو ئاوارەی بێ ئەمەگە**
**ئەو زاماری بەرەهووتە کێیە ؟**
**ئەرێ**
**مەگری**
**لێگەڕێ هەرچی بەسەرم دێ**
**ژەهری تاریکی شمشێرێ بێ**
**ئەو کاتەی دەگاتە دەس دوژمنەکان.**

## ڕا و ڕەخنە

خەسرەو گوڵ سوورخی لە چەند بەشێک لە وتاری جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکاندا دەنووسێ:

**کاتێ لێوت ماچ دەکەم / دنیا وەک پەنجەرەیەکە و لەوێ / تەنیا دەنگی پێی ئاسکە کێوییەکان دەگاتە گوێم / کاتێ لێوت ماچ ئەکەم / گوایە تەواوی بەندینخانەکان بێ بەندە / گوایە هەموو خەڵک ئازادن.**

**بڵەی کێ عەشقەکەمان ڕزگار بکا ؟ "**

**جیهان و ڕووناکاییەکانی غەمناک حەقایەتی عەشق و شەیدایییە.**

**پشکنینێکە بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ ڕاستیودروستییەکی هەمیشەیی کە ئێستا کێلی قەبری ئەومان ئامادەی داکوتان کردووە. (...)**

"هەوری ڕەشی ماندوویەتی"، "لە گەشت قەڵا و منارەکان"، "شیعری ماڵئاوایی"، سێ شیعری سەرەتایی ئەم دەفتەرە، گوایە شێوازی کاری باباچاهی لە ڕابردوودا بووە، کە کۆمەڵە شیعرێکی باش و جێ کراوە نەبوون، شیعرەکانی تری لە جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکان، پێست بەردان و جیابوونەوەی ئەوە لە جەغز و چوارچێوە و داڕشتنی کۆنی، ڕێگا و هەڵسوکەوت و هاتنە سەرێ و بەرەوپێش چوونی مان لە شیعردا نیشان دەدا.

باباچاهی شاعیرێکە کە هەموو ئاوێنەکانی خۆی بەرەو عاشقانە بوون بردووە، ئەو عاشقانە بوونەش هەموو هەست و سۆزی باباچاهی لە خۆ دەگرێ، گلەیی ئەو، گلەیی تەنیایی یەک مرۆڤە، ئاڵۆزی و ماندوویەتی ئەوە لە هەوڵ و تەقەللادا بۆ شتێک بە ناوی بوون ؛ دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ دنیایەکی ڕەوانی عاشقانەیە کە شاعیر لە تەقەللای پەرەپێدان بۆ ڕێگایەک بەرەو ئەم جیهانەیە.

شاعیری جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکان دیارە شاعیرێکی چەوساوە و نائومێد و سەرکوت کراوە، کە بۆ مەرگی سروشت چەمەری دەخولقێنێ، بە سەر عەرش و فەرشدا دەڕشێتەوە، بۆ دنیای بێ غەلوغەش و گەش و مەندیان لێ خاپوور کردو ستاندووەتەوە و ئەو هەلەیان بۆ

نەڕەخساند تا بە ساکاری "باش" بێت، بە شێوەیەکی دی، شیعرەکانی ئەو، گەڕانەوەیەک بوو بۆ سەرەتا و لە ڕاستیدا دوورکەوتنەوەیەک بوو لە گشت ژیانی هاوبەشی و کۆمەڵایەتی، بێ هیچ پێوەندییەک پێ بەند و شەیدای دڵدارێکی (باشووری) بوو.

ئاوایە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگا دان بە ڕاستیودروستی و جوانیدا نانێ، نائومێدانە لەو جۆرە شیعرانە دەهۆنێتەوە:

**مرۆڤ بەردەوام تەنیایە**
**ئەو ڕازە گوڵاڵەیەکی سوور**
**کاتێ بە سەر ئاودا دانەوا**
**بە گوێی شەپۆلە خەرامانەکانیدا چرپاند**
**لێگەڕێ تا ڕاستی و جوانی**
**بەردەوام بە سەرزاری سروشتەوە بێت.**

باباچاهی نەبوونی لە پەنای یەک "دڵدار"دا کە ئاوێتە بوون بەو، بۆ ئەو کۆتاییە بە هەموو شتێک، ئەو لە بەرانبەر هەموو هۆکارەکانی لە نێو بردن و ناوەندە گەندەڵەکان و ئەو پێوەندییانەی کە ئەم ناوەندانەیان ساز دەکرد ئەژنۆی دادەداو ئامان دەهات و سەرەنجام هەست بە ورد بوونێکی لەڕادەبەدەر دایدەگرت: کە بێ شک وەڕەزی دێنا و ئەوی لە پێراگەیشتن و سەرنج پێدان بە خودا و لە گێڕانەوەی ورووژانە گەرموگوڕەکانی سەردەمی دادەپچڕاند.

شیعرەکانی باباچاهی وا باشترە بە کۆمەڵە شیعرێکی ناوچەیی بناسین، چونکە لە زنجیرە فاکتەرێک پێکهاتووە کە ڕوو لە ڕێی باشوورن، ڕچەشکێنی ئەو شێوازە شیعرە "مەنووچێهر ئاتەشی" بوو، ئێستا باباچاهییە کە هەم پێی لە جێ پێی ئاتەشی ناوە، بەڵکو بە کاریگەری لە فرووغ توانیویەتی شێواز و ڕێسایەک بۆخۆی دابنێ، شیعری باباچاهی شیعرێکە خوشکێن، کە لە دان پێدانان بە خەسارهەڵگری دریغی ناکا.

شیعری ئەو شیعرێکە، کە بە تێکەڵبوونێکی کەم ڕەنگ لە ڕۆمانتیک بەرەو ساماندارببوونێکی ڕاستەقینە تاوەدا و لە لەشێکی داگیرکەر بەهرەمەندە، کە بەرز و ڕەسەنایەتییەکەی گواستنەوەی ئەو هەستە سۆز بزوێنەیە بۆ خوێنەر و ڕفاندن و لە خۆگرتنی هزری، شیعری ئەو جۆرێک هۆرە هۆرە، دەبێ بە ئەسپایی وێردی بکەی.

شیعری دڕ و لاسار و بە بڕشت نییە، بەڵام زامی پەڕەوازەیی و سەرکوت کراوی بەرەیەک بە شانیدا ڕادەکێشێ، لەبەرئەوەی زمانی ئەو هەڵگری ئەو هەستانەی نییە، تووشی دامان و کەموکوڕییەکی یەکجار زۆر دەبێ، شیعر لە داڵانەکانی دەروونی و پێکەوەلکاوی خۆی جیا دەبێتەوە و لە ڕووکاردا خۆی دەنەخشێنێ و تەنیا دەوترێتەوە، هەر ئەو شیعرە (لە سەرەتای کۆچی بەهار و چەند شیعرێکی تر) نموونەی سادقی ئەو شێوە هۆنینەوەیەی باباچاهی یە کە دەیتوانی لەگەڵ سێ شیعری نزمی دەسپێکی کتێبەکەی نەیانهێنێ.

هەڵبەستی عاشقانەی باباچاهی لە کۆمەڵەی هۆنراوەکاندا ناڕاستەقینە نییە و لە هۆنراوەی ناسپاسی دلبەر، هەڵبەستی ئەو جۆرێک یارمەتی خواستنە، بەڵام هەندێ جار کە ملی بە ڕەخنەکردنی شیعری کەسانی دی لە هۆنراوەکانی خۆیدا دەکات، لە هەموو گەرموگوڕی و کۆکی و هەڵبەستێکی ئەویندراری دادەماڵرێ، چونکە تایبەتمەندی هۆنراوەی ئەو، جۆرێک هۆنراوەی ناوچەییە و پاڵپشت بە پێوەندی شارستانیەتەوە، لەبەر ئەوەشە کە ئەو لە دوو شیعری "ناوی چاک و زوڵفی درێژ" و "خەڵکی باشوور" یەک دڵتر دەیبینین.

جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکان هەرچەند گەشەی سەندووە و دەرگەیەکی داخراو نییە بۆ شیعری شاعیرانی دیکە، بەڵام بێ گومان ڕێبازێکی باشە بۆ باباچاهی.

**باباچاهی، عەلی / جیهان و ڕووناکاییە غەمناکەکان، - تاران: (کات)، هاوینی ١٣٤٩، ٨٧ لا.**

**سەرچاوە:**
**(تاریخ تحلیلی شعر نو، جلد چهارم، ٩٤٣١ - ٧٥٣١ -هـ. ش.)**